حکومەتی  هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب – مێژوو

قۆناغی چوارەم

# محمودخانی دزڵی

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (مێژوو) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی مێژوودا.

ئامادەکراوە لەلایەن:

**لێوین احمد ولی**

بەسەرپەرشتی:

**د. ئارەزوو حسن یوسف**

٢٠٢٣ - ٢٠٢٤

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

**هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ**

# ناوەڕۆک

پێشکەشە بە:...................................................................................................أ
سوپاس و پێزانین.............................................................................................. ب
پێشەکی............................................................................................................. ١
تەوەرەی یەکەم: ژیاننامەی محمودخانی دزڵی .................................................... ٣
باسی یەکەم: لە دایکبوون و ناسنامەی:.................................................................. ٣
باسی دووەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەنییەکانی محمود خانی دزڵی................................ ٥
تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی محموخان لە ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ......... ٦
باسی یەکەم: محمودخانی دزڵی و حکومەتی ڕەزا شا............................................... ٦
باسی دووەم: هەڵوێستی بەرامبەر ئینگلیزەکان......................................................... ٨
تەوەرەی سێیەم: بەشداریکردنی محمودخان لە ڕووداوە سیاسییەکانی باشوری کوردستان ......................................................................................................................... ١٠
باسی یەکەم: پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێخ محمود نەمردا ........................................... ١٠
باسی دووەم: ڕۆڵ و کاریگەری محمودخان لە ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان:......... ١١
دەرئەنجام.......................................................................................................... ١٣
سەرچاوەکان...................................................................................................... ١٤
پاشکۆ ............................................................................................................. ١٦

**پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی باوکی کۆچکردووم.
- دایکی خۆشەویستم.
- بە خێزانەکەم و هاورێکانم.
- مامۆستای سەرپەرشتیارم دکتۆرە (ئارەزوو حسن)
- زانکۆکەم.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایشی خودای گەورە دەکەم کە توانای نووسینی ئەم توێژینەوەی پێدام.
- سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتم بوون.
- سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی دکتۆرەی بەرێز (ئارەزوو حسن) دەکەم، کەوا ئەرکی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەی گرتەئەستۆ.
- سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە یارمەتیان دام لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوە ئەگەر بەیەک وشەش بێت.
- سوپاس بۆ زانکۆکەم.

# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی کەسایەتی (محمودخانی دزڵی)یە، کە کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕبووە. ئەگەر سەیری مێژووی کوردستان بکەین دەبینین چەندین کەسایەتی شۆڕشگێڕمان هەیە کە هەوڵیانداوە لە پێناو ئازادی کوردستان دژ بە داگیرکەران، هەروەها ئەو سەردەمەی محمودخان تێیدا ژیاوە دەبینین هاوسەردەمی شێخ محمود حەفید ( ١٨٧٨ – ١٩٥٦ ) بووە و هاوچەرخی چەندین ڕووداوی گرنگی سیاسی بووە هەم ڕۆژهەڵات هەم لە باشووری کوردستان دژ بە دوو دەسەڵاتداری گەورەی ئەوکات کە حکومەتەکەی ڕەزا شا و بەریتانییەکان بوونە.

محمود خان لە ڕۆژهەڵات وەکو سەرۆک عەشیرەتێک و سەرۆکی بزووتنەوەیەک هەوڵی داوە دژی داگیرکەران وە هەم لە باشوریش هاوکاری شێخ محمود ( ١٨٧٨ – ١٩٥٦ ) بووە ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە لە ڕووداوە گرنگەکانی باشوور.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی گرنگی کەسایەتی (محمودخان) کە چەندین خەبات و تێکۆشانی کردووە دژ بە داگیرکەرانی کوردستان و سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسی هەروەها هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەردەمی محمودخان بەدەر نییە لە ڕووداوی سیاسی گرنگ کە خۆی بەشداربووە تێیدا هەروەها بەهۆی حەز و ئارەزووی خۆم بۆ بابەتەکە کە کەسایەتییەکی لەم شێوەیە نابێت پشتگوێ بخرێت. لەلایەکی ترەوە لە متیۆدی توێژینەوە کە پشتمان بە لێکۆڵینەوەی زانستی مێژووی بەستووە، سودمان لەسەرچاوە مێژووییەکان بینیوە زانیارییەکانمان لەسەر بنچینەی هەڵهێنجانی ناو سەرچاوەکان وەرگرتووە، بەشێوەیەکی تەواو سەرچاوەکانی خۆمان پاراستووە.

، لەلایەکی ترەوە ئەم توێژینەوەیە بێ گرفت نەبووە و دووچاری چەندین کۆسپ و ئاستەنگ هاتووە لەوانە کەمی سەرچاوەیە کە دەربارەی ئەم کەسایەتییە سەرچاوەی پێویست لەبەردەستا نەبووە، وە هەروەها کەمی زانیاری دەبارەی ژیانی محمودخان کە گرفتی سەرەکی توێژینەوەکەم بوون بەڵام سەرەڕای ئەم گرفتانەش توانیم کۆتایی بە توێژینەوەکە بهێنم.

سەبارەت بە سەرچاوەی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە کە سوودم وەرگرتووە لە چەند کتێب و دیکۆمێنتارییەک، بەڵام هەندێ لە سەرچاوەکان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی لە توێژینەوەکەمدا وەک کتێبی (محمودخانی دزڵی) لە نووسینی (عومەر مەعروف بەرزنجە) کە بە شێوەیەکی زانستیانە باس لە ژیان و ڕووداوەکانی ژیانی ئەم کەسایەتییە دەکات لە کۆی گشتی توێژینەوەکە سوودی لێ وەرگیراوە.

سەبارەت بە پێکهاتەی توێژینەوەکە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەم باس لە ژیاننامەی محمودخان دەکەین، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە تەوەرەی دووەم باس لە ڕۆڵی محمودخان دەکەین لە ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە بەشداریکردنی محمودخان دەکەین لە ڕووداوە سیاسییەکانی باشوری کوردستان

سەرەڕای ئەوەی هەموو کارێکی زانستی پێویستی بە ماندووبوون و گەڕان هەیە بابەتەکەی منیش لەمەبەدەر نییە چونکە کەسایەتییەکی گرنگە، هەرچەندە کاری جدیم لەسەری کردووە بەڵام بێ کەم و کوڕی نییە، تەنها خودای گەورە کاملە، بۆیە داواکارم لە بەڕێزتان بە چاوێکی زانسیاتە وەریبگرن.

## تەوەرەی یەکەم: ژیاننامەی محمودخانی دزڵی

### باسی یەکەم: لە دایکبوون و ناسنامەی:

محمودخانی دزڵی لە ساڵی ١٨٧٠ز لە گوندی (دزڵی)[١] سەر لە ناوچەی هەورامانی تەخت[٢] لەدایکبووە دوای ئەوەی کە (عەزیزخان)ە باوکی یەکێک بووە لە کەسایەتیە دەست ڕۆیشتووەکانی هەورامان، کۆچی دوایی دەکات، محمودخان دەبێتە جێگرەوەی باوکی و بەهۆی لێهاتوویی توانی دەسەڵاتی فراوان بکات بەسەر ناوچەی دزڵی و دەوروبەری هەورامان[٣] وەک سەرکردەیەکی دەست ڕۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات دەناسرێت[٤].

لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانەکانی چەندین جار تووشی دەربەدەری و زیندان بووە و دوورخراوەتەوە بۆ گرتووخانەکانی (هیندستان، سنە، کەرکوک، بەغدا) و زۆرجاریش بە دەست بەسەری ڕەوانی شارەکانی عێراق و ئێران کراوە[٥].

محمودخان پیاوێکی بەخشندە و زمان شیرین بووە لە سەردەمی ئەودا ئاوایی دزڵی ببووە لە ناو داڵدەی ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵاتی ڕژێمە داگیرکەرەکان هەڵدەهاتن. هەمیشە گوێی لە بیروبۆچوونی خەڵک گرتووە ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری هەبووە[٦].

---

[١]گوندی دزڵی: دەکەوێتە سنووری نێوان عێراق و ئێران لە سەرچاوەی زەڵمەوە ماوەی دوو سەعات دوورە.(عمر مەعروف بەرزنجی محمود خانی دزڵی ، ل ٣٩ )

[٢]هەورامانی تەخت: بەشێوەیەکی گشتی هەورامان دووبەشە، هەورامانی تەخت سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەورامانی لهۆن سەر بە کوردستانی باشورە. (یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران، سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٤١).

[٣]عومەر مەعروف بەرزنجی، محمود خانی دزڵی، چاپخانەی ئازاد، ل ٣١.

[٤]دیکۆمێنتاریەک دەربارەی ژیانی محمود خانی دزڵی لەگەڵ ڕەزوان عارف، مامۆستای زانکۆ، ٢٠٢١/٦/٣،

[٥] ڕەزوان عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٦]صباح مجید، ڕۆڵ و کاریگەری محموودخانی دزڵی لە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود، ٢٠٢٤/١/٢٩.

http://www.xwendga.com/٢٠١٦/١١/blog-post_٨٢.html

سەبارەت بە پەیوەندی محمودخان لەگەڵ سەرکردەکانی تر وەک سمکۆی شکاک و سەردار ڕەشیدی ئەردەلان و شێخ محمودی حەفید ( ١٨٧٨ - ١٩٥٦ ) پەیوەندی پتەوی لەگەڵیان هەبووە لە چالاکیە سیاسییەکان یارمەتیدەری بەشێکیان بووە، محمودخان لەسەر داوای بەشێک لە نیشتمانپەروەر و ڕوناکبیری کورد دەبێتە ئەندام لە حیزبی هیوا[١].

لە ساڵی ١٩٤٦ بە پیلانی کاربەدەستانی ئێران دەرمان خوارد دەکرێت و لە دوای ٩ ڕۆژ کۆچی دوایی دەکات و لە گوندی (هانەی قوڵ) بە خاڵ دەسپێرێت[٢].

هەروەها سەبارەت بە سنووری دەسەڵاتی محمودخان جگە لە گوندی دزڵی کە شوێنی لەدایکبوون و نیشتەجێبوونی بووە، چەند ئاوایی و هاوبنەهاورێکی تریشیکی لەژێر دەسەڵات بوو وەک:

ئاواییەکان: (نژمار[٣]، دەرێ[٤] ، شارانی[٥] ، مرگ[٦] ، زەلکە[٧] ، دەرەناخی[٨]). هاوینەهەوارەکان: (هانەسابە، سیاکۆڵە، ماوەزە، مەیدان سەردانی).

---

[١] دیکۆمێنتاریەک دەربارەی ژیانی محمود خانی دزڵی لەگەڵ شێخ ئەمین نەقشبەندی، ١٩٨٤/٦/٢٦.

[٢] دێکۆمێنتاری دەربارەی محمود خان دزڵی لەگەڵ خاتوو (نەجیبە) کچی محمودخان دزڵی کە لە کەناڵی ڕووداو. ٢٠٢٣/١٠/٢٦.

[٣] گوندی نژار: نزیک (کانی دینارە) ماوەی پێنج کیلۆمەتر لە (مەریوان)ەوە دوورە.(ڕەزوان پالانپێی، محمودخان ئەو شۆڕشگێڕەی بە گژ دوو دەوڵەتدا چوویەوە، ٢٠٢٤/٢/١٠).

[٤] دەرێ: دەکەوێتە ناوچەی (مەریوان) نزیک (پردی گاران) ، (عومەر مەعروف بەرزنجە، محمودخان دزڵی، چاپخانەی سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٧).

[٥] شارانی: نزیک گوندی نژمارە (عومەر مەعروف بەرزنجە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧).

[٦] مەرگ : لەنێوان شارانی و نژمارە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٧).

[٧] زەلکە: بەرانبەر دەربەندی دزڵییە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٣٧).

[٨] دەرەناخێ: هاوشانی زەلکەیە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧).

## باسی دووەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەنییەکانی محمود خانی دزڵی

محمودخان لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و ناودارلەدایک دەبێت و لەو ژینگە گەورە دەبێت و دەناسرێت[1] کە خانی دزڵی کوڕی (عەزیزخان) و دایکی ناوی (پیرۆزە) کچی حەسەن سوڵتان[2] ، دایکی بە بنەماڵەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی عەبابەیلی[3].

خانی دزڵی لە ژیانیدا چەند هاوسەرێکی خواستووە کە ناویان (خاتوو زیبا، خاتوو فاتیمە، خاتوو مەریەم، خاتوو زینەت، خاتوو فەرەنگێر، خاتوو نازیف) کە (خاتوو نازیف) خێزانی (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند بووە ، کە پاڵەوانی شۆڕشی شێخ محمود بووە لە دوای شەهیدکردنی کەریم بەگ محمودخان خواستوویەتی دوو کوڕ و کچێکی لێ هەبووە. هەروەها خانی دزڵی لە سەرجەم هاوسەرەکانی خاوەنی یانزە کوڕ و شەش کچ بووە[4].

---

[1] دیکۆمێنتاری دەربارەی محمودخانی دزڵی، کەناڵی کوردستان ٢٤، ٢٠٢٢/٥/٢١.

[2] حەسەن سوڵتان: باپیرە گەورەی محمودخان دزڵی بووە کە بەسەر شامیان حوکمڕان بووە لە ٥ زی العقده ساڵی ١٢٨٣دا لەلایەن (معتد الدولە) کوژراوە چونکە کڕنووشی بۆ نەبردووە.

[3] عومەر مەعرووف بەرزنجی، محمودخانی دزڵی، چاپخانەی ئازاد، ٢٠٠٠، ل ٣٩.

[4] دیکۆمێنتاری دەبارەی محمودخانی دزڵی لەگەڵ خاتوو (نەجیبە) کچی محمودخانی دزڵی، کەناڵی ڕووداو، ٢٠٢٣/١٠/٢٦.

## تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی محموخان لە ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### باسی یەکەم: محمودخانی دزڵی و حکومەتی ڕەزا شا

بنەماڵەی (بارام بەگ) وەکو بنەماڵەیەکی خاوەن دەسەڵات لە هەمان کاتدا شۆڕشگێڕ و نموونەی بەرهەڵستکاری بوون. ململانێی نێوان ئەم بنەماڵەیە و حکومەتی ئێران هەر لە سەردەمی (بارام بەگ) باپیرەی محمودخان هەبووە[1].

هەر لەو کاتەی محمودخان لەدوای عەزیزخانی باوکی دێتەسەر دەسەڵات ململانێی لەگەڵ حکومەتی ڕەزاشا دەستپێدەکات و هەر بەهۆی ئەو ململانێیەوە کە دژی ئێرانییەکان بووە[2] تووشی دەربەدەری و دووورخستنەوە بووە ، لە ساڵی ١٩٢٦ زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی ڕاپەڕیون دژی دەسەڵات محمودخانیش وەک سەرۆک عەشیرەت و کەسایەتییەکی دیار ڕۆڵی هەبووە لەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەدا[3].

محمودخان لەگەڵ (محمودخانی کانی سانان[4]) و (جافەرسانی) ڕاپەڕینیان ئەنجامداوە توانیویانە ناوچەکان لەژێردەسەڵاتی دەوڵەت دەرهێنن[5].

لە ساڵی ١٩٣٠ حکومەتی ڕەزاشا بە مەبەستی کۆکردنەوەی چەکی عەشیرەتەکان و نەهێشتنی جموجۆڵیان داوا لە عەشیرەتەکان دەکات چەکەکانیان ڕادەست بکەن، بەشێک لە سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان ڕازی بوون بەڵام محمودخان و جافەرسان و محمودخانی کانی سانان بەم داواکارییە ڕازی نابن بەردەوام دەبن لە بەرهەڵستکاری حکومەتی ئێران دەکەن، بەوهۆیەوە حکومەتی ڕەزاشا هەڵدەستن هێرش دەکەنە سەر ناوچەی هەورامان و

---

[1] عومەر مەعرووف بەرزنجی، محمودخانی دزڵی، چاپخانەی ئازاد، ٢٠٠٠، ل ٤٠.

[2] دیکۆمنتارییەک دەربارەی محمودخان دزڵی، کەناڵی کوردستان ٢٤، ٢٠١٨/١/٣.

[3] ڕاپۆرتێک دەربارەی محمودخانی دزڵی لە سایتی (هەورامان نیوز)، ٢٠٢٤/٢/١.

[4] عومەر مەعروف بەرزنجی ، هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل ٤٧.

[5] محمدخانی کانی سانان: سەرداری مەریوان بوو خەباتی زۆری لەپێناو کوردا کردووە، دواجار لەلایەن حکومەتی ئێران دەستبەسەردەکرێت و بۆ هەتاهەتایە سەرنگوم دەکرێت. (یاسین سەردەشت، کوردستانی ئێران، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ١٤٤).

مەریوان، محمودخان ناوچەی خۆی چۆڵ دەکات و ڕوو لە کوردستان عێراق دەکات[١] . داوای یارمەتی لە شێخ مەحمود ( ١٨٧٨ - ١٩٥٦ ) دەکات کە یارمەتی بدات لە کوردستان بێتەوە، دواتر لەلایەن حکومەتی عێراق دەست بەسەر دەبێت، حکومەتی ئێران دوای ئەوەی زانیان خانی دزڵی لە عێراق دەست بەسەرە داوای ڕادەستکردنەوەیان کرد، بەڵام حکومەتی عێراق ڕادەستی ناکات و بە دەست بەسەری لە عێراق دەمێنێتەوە[٢].

محمودخان بەدەست بەسەری ڕەوانەی کەرکوک دەکرێت و بۆماوەی (٨) ساڵ لە زیندانی ئەوێ دەمێنێیتەوە و دواتر ڕەوانەی شاری سلێمانی دەکرێت و تا دواجار لە ساڵی ١٩٤٣ ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە ئاوایی دزڵی[٣].

محمودخان هەر لەگەڵ گەیشتنەوەی بە ناوچەی هەورامان دووبارە دەست دەکاتەوە بە شۆڕش و ڕاپەڕین لەگەڵ محمودخانی کانی سانان هێرش دەکەنە سەر حکومەتی ڕەزاشا لە ساڵی ١٩٤٤، ئەم بەرهەڵستکارییەی محمودخان دژ بە دەوڵەتی ئێران بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی لەسەر دەستی ئێرانییەکان دەمان خوارد دەکرێت و دەمرێت[٤].

---

[١] عومەر مەعروف بەرزنجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

[٢] فیچەرێک دەربارەی خانی دزڵی، کەناڵی کوردسات، ٢٠٢٢/٥/٢١.

[٣] موکەڕەم تاڵەبانی، چۆن محمودخانی دزڵی-م ناسی، گۆڤاری ڕەنگین، ژ. ٥٣، ساڵی ١٩٩٣.

[٤] یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران، چاپخانەی سیما، ٢٠١١، ل ١٥٠.

## باسی دووەم: هەڵوێستی بەرامبەر ئینگلیزەکان

محمودخان وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی لەپێناو ئازادی کوردستان دژی داگیرکەرانی بووە بەرهەڵستی کردوون، لەو سەردەمەدا دەسەڵاتیان هەبووە لە کوردستان داگیریان کردووە[١].

محمودخان دوای ئەوەی یارمەتی شێخ مەحمود ( ١٨٧٨ - ١٩٥٦ ) دەدات لە شۆڕش و ڕاپەڕین دژی ئینگلیز و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و دوای شکستی کوردەکان لەشەڕی (دەربەندی بازیان) محمودخانیش یەکێک بووە لەو کەسایەتییانەی کە ڕۆڵی هەبووە لە ڕیزی پێشەوەی شەڕەکەدا بووە بەرامبەر ئینگلیز ئەمەش وادەکات ئینگلیزەکان بەدوای بن بۆ ئەوەی دەست بەسەری بکەن[٢].

ئینگلیزەکان داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەن کەوا محمودخان ڕادەستی ئەوان بکرێت، حکومەتی ئێرانیش هەڵدەست بە دانانی پلانێک محمود خان و دەست بەسەری دەکەن لەلایەن ڕەزا شای پەهلەوی ڕەوانەی بەغدا دەکرێت[٣].

دوای ئەوەی خانی دزڵی ڕەدەستی ئینگلیزکرا لەساڵی ١٩١٩ بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ هیندستان بۆ دەردەکرێت تا ساڵی ١٩٢١ لەوێ دەمێننەوە و دواتر ئازاد دەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی هەورامان و دووبارە لەگەڵ محمودخانی کانی سانان دەست دەکەنەوە بە شۆڕش دژ بە داگیرکەران[٤].

هەروەها خانی دزڵی بۆ زیاتر بەرهەڵستی ئینگلیزەکان پەیوەندی بە تورکەکانەوە کردووە و نامەی تایبەتی بۆ مستەفا کەمال ناردووە بەڵام دوای ئەوەی لە مەبەستی تورکەکان گەیشتووە لێیان کشاوەتەوە، ئینگلیزەکانیش دوای ئەوەی بەوەیان زانی کە محمودخان دەستی داوەتەوە شۆڕش و ڕاپەرین و پەیوەندی بە کەمالییەکان کردووە

---

[١] یاسین سەردەشتی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

[٢] د. ڕەزوان هێلانپیی، محمود خانی دزڵی، ئەو شۆڕشگێڕەی بە گژ دوو دەوڵەتدا چوویەوە، ٢٠٢٤/٢/١٠. https://rojnews.news/?p=٢٥٧٤٩٩

[٣] سیسیل جۆن ئەدمۆنز، کورد تورک عەرەب، و. حامید گەوهەری، ٢٠٠٤، ل ١٦٠.

[٤] عومەر مەعروف بەرزنجی، محمودخانی دزڵی، چاپخانەی ئازاد، ل ٨٨.

هەڵدەستن بە بۆردوومانکردنی هەوایی ناوچەکانی هەورامان بەمشێوەیە شۆڕشی محمودخانیان دامرکاندەوە[1].

[1] هەورامان عەلی، محمودخانی دزڵی شۆڕشگێڕێکی گەورەی نەناسراو، ٢٠٢٤/٣/١.

٢٠١٦https://www.historyofkurd.com/

## تەوەرەی سێیەم: بەشداریکردنی محمودخان لە ڕووداوە سیاسییەکانی باشوری کوردستان

### باسی یەکەم: پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێخ محمود نەمردا ( ١٨٧٨ - ١٩٥٦ )

محمودخان لەگەڵ لەگەڵ شێخ محمودا پەیوەندییەکی پیتەوی هەبووە لەزۆربەی شۆڕشەکان یارمەتی شێخی داوە و لەگەڵی بووە.

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان شێخ محمود وەک حوکمداری کوردستان ڕادەگەیەنن لە ساڵی ١٩١٨، شێخ درک بەوە دەکات کەوا تەنیا بەناو حوکمدارە هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە هەڵدەگەڕێتەوە لە ئینگلیزەکان لە ٢٠/مایس/١٩١٩ شەڕی دژی ئینگلیز ڕاگەیاند[١] و داوای هاوکاری لە محمودخان کرد، محمودخانیش بەدەم داواکەیەوە چوو خۆی و ٥٠٠ چەکدار ڕوویان کردە سلێمانی بۆ هاوکاریکردنی شێخ[٢] مێجەرسۆن[٣] کاتێک بەهاتنی محمودخان و هێزەکەی دەزانێت دەست بەجێ دەچێتەلای شێخ و هۆکاری هاتنی خانی دزڵی بەو هێزەوە دەپرسێت شێخ محمودیش لە وەڵامدا دەڵێت: (بۆ زیارەتی کاکە ئەحمەدی شێخ هاتوون)[٤].

لەگەڵ بەرەبەیانی ٢١/مایس/١٩١٩ سوپای ئینگلیز لەگەڵ محمودخان، ڕووبەڕووی یەکبوونەوە شەڕ دەستی پێکرد[٥] لە نێوانیان و لە ئەنجامدا کوردەکان سەرکەوتن و توانیان شاری سلێمانی بگرنەوەو لەژێر دەستی ئینگلیز دەریبهێنن شێخ محمودیش خۆی وەک حوکمدار ڕاگەیاند[٦].

---

[١] میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی کورد و کوردستان لە هاتنی ئیسلامەوە تا ١٩٧١، چاپخانەی شەهید ، ئازاد هەورامی، ٢٠٠٨، ل ٩٩.

[٢] وەدیع جوەید، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، و. یاسین سەردەشتی، ٢٠٠٨، ل ٣٨٣.

[٣] مێجەرسۆن: ئەفسەرێکی ئینگلیزی بوو لە پاش مێجەرنوئێل بە بڕیاری مەندووبی سامی لە بەغدا بوو بە ڕاوێژکاری سیاسی شێخ ئومێد حەمەئەمین، شێخ محمود حەفید، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨، ل٢٢.

[٤] وەدیع جوەید، شێخ محمود سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی لە باشوری کوردستان، و. محمد حەمەصالح تۆفیق، ل ٤٦.

[٥] ئەحمەد خواجە، چیم دی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٦، ل ٦٢-٦٣.

[٦] عومەر مەعروف بەرزنجە، محمودخان دزڵی، ٢٠٠٠، ل ٦٢ – ٦٥.

## باسی دووەم: ڕۆڵ و کاریگەری محمودخان لە ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان:

ڕۆڵی محمودخانی دزڵی لە باشوری کوردستان لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە لە ساڵی ١٩١٩ هاوکاری شێخ محمودی ( ١٨٧٨ - ١٩٥٦ ) کرد و سلێمانیان ئازادکرد و توانی ڕۆڵی بەرچاو ببینێت لە شۆڕشی شێخ محمود دژی ئینگلیز[١] و بەشداری لە شەڕی دەربەندی بازیان کرد کە لە ١٨/حوزەیرانی/ ١٩١٨دا ڕوویدا زۆربەی لەشکری شێخ محمود پێکهاتبوو لە گەورە پیاوان سەرکردەی هەورامی بەتایبەت پیاوانی محمودخانی دزڵی بەشداری شەڕەکە بوون، محمودخان لە پێشڕەوی شەڕەکەدا بووە[٢].

کوردەکان لە شەڕی دەربەندی بازیان شکستیان هێنا و شێخ محمود بەدیل گیرا و محمودخان خۆی جەنگاوەرانی گەڕانەوە دزڵی[٣] و دەستدەکاتەوە بە خەبات و تێکۆشان تا ئەوکاتەی ڕەوانەی هیندسات دەکرێت[٤].

ئەو کاتەی شێخ محمود لە ساڵی ١٩٢٢ لە هیندستان دەگەڕێتەوە دووبارە دەست دەکاتەوە بە شۆڕش کار و چالاکی محمودخان دووبارە لە باشور دەستپێدەکاتەوە لەگەڵ شێخ محمود و هاوکاری دەبێت لە چالاکییە سیاسییەکان [٥] هەروەها جگە لەمانەش محمودخان جگە لە شۆڕشی چەکداری بۆتە ئەندام لە حیزبی هیوا [٦] کە لەلایەن ڕەفیق حلمی [٧] دامەزرا کە ئەمەش بۆ سەرکردەیەکی وەک محمودخان کە سەرۆکی عەشیرەت بووە

---

[١] عومەر مەعروف بەرزنجی، محمودخانی دزڵی، چاپخانەی هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٨٧.

[٢] کمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثوره العشرين، مطبعه الحوادث، بغداد، ١٩٧٨، ص ١٤٢.

[٣] ئومێد حەمەئەمین، شێخ مەحمودی حەفید ١٩٢٢ – ١٩٢٥، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨، ل٢٢.

[٤] دبلیوئارهی،سنتان فی کوردستان ١٩١٨ – ١٩٢٠، ت: فواد جەمیل،بغداد، ١٩٧٢، الجزء الأول، ص١٩٢.

[٥] سەعدی عوسمان هەروەتی، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل٩٩.

[٦] حیزبی هیوا: لە ساڵی ١٩٣٩ لە بەغدا دامەزرا دامەزرێنەرەکەی ڕەفیق حلمی یە و لە ساڵی ١٩٤٤ بە دوو ئاراستەی چەپ و ڕاست بەناوەکانی شۆڕش و ڕزگاری و لە ساڵی ١٩٤٦ هەڵوەشێنرا.( کورتە دەربارەی رفیق حلمی ، ٩ / ٤ / ٢٠٢٤ )

[٧] ڕەفیق حلمی: لە ساڵی ١٨٩٨ لە کەرکوک لەدایکبووە خوێندنی لە ئەستەمبوڵ تەواوکردووە و هەر لەوێش فێری تورکی و فەرەنسی بووە لە کابینەکەی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٢٢ بۆتە ڕاوێژکاری

دەرخەری ئەوەن کە محمودخان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە چالاکی سیاسییەکانی باشووری کوردستان[١].

---

ڕامیاری شێخ، لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات.. ( پاکیزە رفیق حلمی ، بەسەرهاتی رفیق حلمی ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل ١٣ ) .

[١] دێکۆمنتاری دەربارەی ژیانی محمودخانی دزڵی، لە کەناڵی کوردستان ٢٤، ٢٠٢٣/١٢/١.

# دەرئەنجام

١- لەمیانەی ئەم توێژینەوەیە خرایە ڕوو کەوا محمود خان کەساتیەتی گریگی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە .

٢- لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت کە محمود خان جگە لەوەی سەرکردەی عەشیرەتێک سەرکردەی نەتەوەیش بووە .

٣- لە ئەنجامی توێژینەوە ڕۆڵ و کاریگەری محمود خان لە شۆڕشەکانی شێخ محمودی حەفیدو باشوری کوردستان دەکەوت .

٤- لە ئەنجامی توێژینەوە دەرکەوت کەوا محمود خان توانیویەتی دژ بە دوو هێزی گەورەی ئەو سەردەمە بوەستێتەوە کە ئینگلیزەکان حکومەتی ڕەزاشا بووە بزوتنەوەی لە دژیان پێک هێناوە .

## سەرچاوەکان


١. ئەحمەد خواجە، چیم دی، سلێمانی، ٢٠١٦.
٢. ئومێد حەمە ئەمین، شێخ محمودی حەفید، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨.
٣. سەعدی عوسمانی هەروەتی، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٦.
٤. سیسیل جۆن ئەدمۆنز، کورد تورک عەرەب، و: حامید گەوهەری، هەولێر، ٢٠٠٤.
٥. عومەر مەعروف بەرزنجی، محمود خانی دزڵی، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٦. میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی کورد و کوردستان لە هاتنی ئیسلامەوە تا ساڵی ١٩٧١، کەرکوک، ٢٠٠٨.
٧. وەردیع جوەید، شێخ محمود سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی لە باشوری کوردستان، و: محمد حەمە ساڵح تۆفیق، ٢٠٠٩.
٨. وەدیع جوەید، جوڵانەوەی نەتوەیی کورد، و: یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٩. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران، سلێمانی، ٢٠١١.

<u>گۆڤار:</u>

١. موکەڕەم تاڵەبانی، چۆن محمودخانی دزڵی-م ناسی، گۆڤاری ڕەنگین، ژ. ٥٣، ١٩٩٣

<u>دیکۆمێنتارەکان:</u>

١-دیکۆمێنتاریەک دەربارەی محمودخانی دزڵی لەگەڵ ڕەزوان عارف،مامۆستای زانکۆ،٢٠٢١/٣/٦،

٢-دیکۆمێنتاریەک دەربارەی محمودخانی دزڵی لەگەڵ شێخ ئەمین نەقشبەندی،١٩٨٤/٦/٢٦،

٣-دیکۆمێنتاریەک دەربارەی محمودخانی دزڵی لەگەڵ خاتوو نەجیبە کچی محمودخانی دزڵی،کەناڵی ڕووداو،٢٠٢٣/١٠/٢٦، پەنجەمۆر - نەجیبەخان کچی مەحموودخانی دزڵی |... | رووداو.نێت.

٤-دیکۆمێنتاریەک دەربارەی محمودخانی دزڵی،کەناڵی کوردستان٣،٢٠١٨/١/٢٤ ، مەحموود خانی دزڵی.

٥-دیکۆمێنتاریەک دەربارەی محمودخانی دزڵی،کەناڵی کوردسات،٢٠٢٢/٥/٢٠،

ماڵپەڕەکان

١. صباح مجید، ڕۆڵ و کاریگەری محمودخانی دزڵی لە شۆڕشەکەی شێخ محمود، ٢٠٢٤/١/٢٩. /http://www.xwendga.com٢٠١٦/١١_blog-post/٨٢html.
٢. ڕاپۆرتێک دەربارەی محمودخانی دزڵی، هەورامان نیوز، ٢٠٢٤/٢/١.
٣. د. ڕەزوان هێلانپێی، محمودخانی دزڵی ئەو شۆڕشگێرەِی بە گژ دەوڵەتدا چوویەوە، ٢٠٢٤/٢/١٠. https://rojnews.news/?p=٢٥٧٤٩٩
٤. هەورامان عەلی، محمودخانی دزڵی شۆڕشگێڕی گەورەی نەناسراو، ٢٠٢٤/٣/١. https://www.historyofkurd.com/٢٠١٦

کتێبە عەرەبییەکان :

١- دبلو ئارهی ، سنتان في کوردستان ١٩١٨ – ١٩٢٠ ، ت : فؤاد جمیل ، بغداد ، ١٩٧٢ ، الجزء الاول .

٢- کمال مظهر احمد ، دور لشعب الکوردی في ثورة العشرین ، بغداد ، ١٩٧٨

# پاشکۆ :



**وێنەی ژمارە (١)**

**محمود خانی دزڵی**

**.سەرچاوە:عومەر معروف بەرزنجی ،محمودخانی دزڵی**



**وێنەی ژمارە (٢)**

**دانیشتوو:محمودخانی دزڵی**

**بەپێوە لە ڕاستەوە: حەمە گردە، خەڵکی سەروچاوەی زەڵم، حەمە سەعید نەسرِوڵلا کۆماسی،حەمە زەمانی کۆماسی**

**سەرچاوە : هەمان سەرچاوەی پێشوو**



**وێنەی ژمارە(٣)**

**وێنەیەکی شێخ محمود و محمودخانی دزڵی و یاوەرانیان**

**سەرچاوە** : https://www.facebook.com/share/XTvgP٣CDGzfvvhzu/?mibextid=WC٧FNe



**وێنەی ژمارە(٤)**

**وێنەیەکی شەڕی دەربەندی بازیان**

**سەرچاوە** : https://www.facebook.com/share/qsbQm٥sj٤EUro٨cv/?mibextid=WC٧FNe




**وێنەی ژمارە(٥)**

**مێجەر-سۆن**

**سەرچاوە** : https://www.facebook.com/share/SpxiaConEPJpDGSt/?mibextid=WC۷FNe